خێرکردن لە سامان کەم ناکاتەوە، وبەندە بە لێخۆشبوون لە خەڵکی پەروەردگار شکۆدارتری دەکات، وئەوەی لەبەر اللە سادە بێت،^ ئەوا خوای گەورە بەرزی دەکاتەوە

لە ئەبی هوڕەیڕەوە-ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلی اللە علیە وسلم- دەفەرموێت: «خێرکردن لە سامان کەم ناکاتەوە، وبەندە بە لێخۆشبوون لە خەڵکی پەروەردگار شکۆدارتری دەکات، وئەوەی لەبەر اللە سادە بێت،^ ئەوا خوای گەورە بەرزی دەکاتەوە». ^(لەبەر اللە سادە بێت، واتە: متواضع بێت وخۆی بە گەورە نەزانێت)

[سەحیح - ڕاست)] [(مسلم) ڕیوایەتی کردووە]

پێغەمبەر -صلی اللە علیە وسلم- ڕوونیدەکاتەوە کە خێرکردن لە سامان کەم ناکاتەوە، بەڵکو دەبێتە هۆی دوورخستنەوەی ناخۆشیەکان، وخوای گەورە لەشوێنی ئەم خێرکردنە ؛ زۆر بە بەندە دەبەخشێت وشوێنی دەگرێتەوە بەزیاتریش، بۆیە خێرکردن دەبێتە هۆی زیادبوونی سامان ومولْک نەک کەمبوونی. ولێخۆشبوون لەگەڵ بوونی هێز وتوانای تۆڵەسەندنەوە ؛ پلەی بەندە بەرز دەکاتەوە لەلای پەروەردگاری بۆیە شکۆدارتر وبەهێزتر دەبێت. و هەربەندەیەک لەپێناو اللە سادە بێت،^ وخۆی بە گەورەنەزانێت، نەک بەهۆی ترس وبەرژەوەندی بێت، پاداشتەکەی ئەوەیە خوای گەورە بەرزی وشەرەفمەندی پێدەبەخشێت. ^(لەبەر اللە سادە بێت، واتە: متواضع بێت وخۆی بە گەورە نەزانێت)

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/5512